# یارمەتی منداڵ بدە خاوەنی هەموو ئەندامانی لەشی خۆی بێت



NASJONALT KUNNSKAPSSENTER
**OM VOLD OG TRAUMATISK STRESS**

kjonnslemlestelse.nkvts.no

# شانازی به کولتوورەکەت بکە

ورەت بەرز ڕاگرە و هۆڤیەتی خۆت لە دەوروبەری لایەنە ئەرێنیەکانی کۆلتووری خۆت، دابڕێژەوە. خەتەنەکردن زیان بەخشە، ناپێویستە و هەروەتر نایاساییە. پارێزگاری لە لایەنە باشەکان، ئەرێنەکانی کولتوور بکە.

لە گەڵ مناڵەکان باس لە ئەخلاق و کردەوە بایەخدارەکان بکە. فێریان بکە هەڵبژاردەی ئەخلاقی باشیان هەبێت تاکوو بەم شێوە ببنە مرۆڤێکی باش لە کۆمەڵگادا.

ئەگەر کچەکەت حەز دەکات نەشتەگەرێکی کراوە ئەنجام بدا، دەبێ پشتیبانی بکەیت تاکوو لە ئازارەکانی تەندروستی ڕزگاری بێت.

هیچ کەس پێویست ناکات بۆ ئەوەی ژنێکی هەڵگری شەرەف بێ، خەتەنە بکرێت. دەستپاکی و دڵسۆزی بە تێڕوانین و کردەوە بایەخدارەکان کۆنترۆل دەکرێت.

---

## ئەگەر پێویستیت بە پشتیوان یان کەسێک بۆ قسەکردن لەگەڵی هەیە، دەتوانی پێوەندی بەم ڕێکخراوانە بکەیت.

خاچی سوور – ژمارە تەلیفوونی بەشی هاوسەرگیری بە زۆر و ئازاری ئەندامانی زاوزێی لەش، ٥١٨ ٥٥ ١٠٢.

گرووپی تواناییەکان بە دژی هاوسەرگیری بە زۆر و ئازاری ئەندامانی زاوزێی لەش و کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی نەرێنی. ژمارە تەلیفوون: ٠٥ ٠٩ ٠٨ ٧٤

ڕێکخراوی ئاماتێیا (Amathea). www.amathea.no، ژمارە تەلیفوون: ٥٠٠ ٢٣ ٥١٨

ڕێکخراوی سەیف (SEIF) {یارمەتی خۆیی بۆ کۆچبەران و پەنابەران}، www.seifnorge.wordpress.com ئافیس لە شارەکانی ئۆسلۆ، ترۆندهایم، ئۆلەسووند، کریستیانساند و بەرگێن، ژمارە تەلیفوون ٠٣ ٨٤ ٣٠ ٢٢

PMV (کارگای دەرمانی سەرەکی)
https://kirkensbymisjon.no/pmv-flerkulturelt-ressurssenter-i-oslo
ژمارە تەلیفوون: ٠٨٣ ٠٦ ٠٣٢

ناوەندی سەرچاوەکانی ناوچەیی سەبارەت بە پێشگیری لە توونودتیژی و خۆکوژی: www.rvts.no
RVTS ڕۆژهەڵات تەلیفوون: ٥٩ ٦٦ ٧٩ ٥٥، RVTS ڕۆژئاوا تەلیفوون: ٠٠ ٠٦ ٨٥ ٢٢،
ناوەند تەلیفوون: ٥٠٠٢٢٨٢٧، RVTS باشوور ٠٠٠٠٦٨٥٢٢، RVTS باکوور ٠٨٣٤٥٧٧٧

# خەتەنە کردنی کچەکەت، کارێکی عاقڵانە نیە، چونکە:

- گوناحی تۆ دەبێت کە کچەکەت تووشی زیان یا موشکیل بێت، هەم لە باری سڵامەتی، دەروونی و کەرتی کۆمەڵایەتی. ئیجازە بدە کە مناڵەکەت هەموو ئەندامەکانی لەشی خۆی ڕابگرێت.

- دەتوانێ ببێتە هۆکارێک بۆ دابڕان و مووشکیلات لە ناو بنەماڵەدا کاتێک کە کچەکە گەورە بوو و تێگەیشت کە ئێوە چ شتێکتان لێوەرگرتووە. بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر فشارەکان داوای یارمەتی بکە.

- دەبێ بۆ هەمیشە سەبارەت بە کردەوەیەکی دژی یاسا، نهێنێک ڕابگری. بە پێی یاساکانی نۆرویژ خەتەنەکردنی کچێک کردەوەیەکی دژی یاساییە. لە ناو زیندان دا زەحمەتە بتوانی یارمەتی بنەماڵەکەت بکەی.

- کچەکەت دەبێ ئەمە نهێنێ لە ناو خۆی دا ڕابگرێ کە ئێوە کردەوەیەکی دژی یاساییتان ئەنجام داوە. باشترینەکان بۆ مناڵ، بەرپرسایەتی ئێوەیە – یارمەتی بکە تاکوو بتوانێ لە سەر ئەندامانی لەشی خۆی بڕیار بدات.

یارمەتی مناڵ بدەن تا پارێزگاری لە لەشی بکات




شانازی بە خۆت و کولتوورەکەت بکە،
بەڵام دژی ئەو رێورەسمانە کە
زیان دەگەیەنن، تێبکۆشە

# حکوومەتی نۆرویژ پارێزگاری لە منداڵ دەکات دژی ئازاری لەش بە پێی یاسایەک و مۆڵەت بۆ دایکوباوکان

**یاساکە**

هەموو جۆرێک ئازار گەیاندن بە ئەندامی لەشی کچان سزای هەیە. سزاکە دەتوانێ تاکوو ٦ ساڵ زیندان بێت. ئەگەر بێتوو ئەم ئازار گەیاندنە بێتە هۆی نەخۆشی دائیم یان دوورودرێژ یان لەکار کەوتوویی، یەک کردەوەی ناخۆش، هەڵە یان زیان، مردن یا زیانێکی زۆر گەیاندن بە لەش یان سلامەتی کە وەک کردەوەیەکی دژوار بێتە ئەژمار. ئینجا سزاکە دەتوانێ تاکوو ٥١ ساڵ زیندان بەرز بکرێتەوە. (بە پێی یاسای سزایی بەندی ٤٨٢ و ٥٨٢)

هەم ئەو کەسەی کردەوەکەی ئەنجام دەدات و هەم ئەو کەسەی کە تەئسیری هەبووە، دەکرێ سزا بدرێن. هەموو جۆر خەتەنە کردنێک، هەروەتر جۆری خەتەنەی سوونا، زیانی هەیە و قەدەغە کراوە.

## مۆڵەتی یاسایی دایکوباوک

- **کچەکەت دەتوانێ تاکوو تەمەنی ٨٣ ساڵان، سکاڵات بە دژی تۆمار بکات.**

ئەم مۆڵەتە یاساییەی تایبەت بە دایکوباوکان کاتێک دەست پێدەکات کە تەمەنی کچەکە بگاتە ٨١ ساڵان. پاش ئەمە کچە ٠١ ساڵی مۆڵەتە (ئەگەر ئەم کردەوە وەک زیان گەیاندن بە ئەندامی لەش بێتە ئەژمار کردن) یان ٠٢ ساڵی مۆڵەتە (ئەگەر ئەم کردەوە وەک زیانێکی گەورە بە ئەندامی لەش بێتە ئەژمار کردن) کە بڕیار بدات سکاڵا بە دژی دایکوباوکی بەرز بکاتەوە ئەگەر ناوبراو خەتەنە کرابێت.

ئەمە بەم مانایەیە کە کچەکەت دەتوانێ بەرپرسایەتی یاسایی خەتەنە کردن بخاتە پاڵ ئەستۆی تۆ.



# کاتێک کەسێک حەول ئەدات کە فشارت بۆ بهێنێ تاکوو کچەکەت خەتەنە بکەی، دەتوانی ئەم وڵامانە بدەیتەوە:

- نامهەوێ ئەم ڕیسکە بکەم کە منالّەکەم بمرێت، یان هەموو ژیانی بە ئێش و ئازارێکی زۆرەوە تێپەڕێنێت.
- یەکجار ئەم شانسەم هەبووە کە لە وڵاتی نۆروێژ دەستبەرداری ئەم ڕێوڕەسمە کۆنانە بم. هەر بۆیە دژی دەوەستێمەوە.
- من ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرم.
- نامهەوێ کردارێکی سزایی ئەنجام بدەم.
- نامهەوێ ریسکی ئەوە بکەم تووشی زیندان بم. ئەگەر بێتوو تووشی زیندان بم ناتوانم یارمەتیدەری بنەماڵەکەم بم.
- نامهەوێ ئەم ڕیسکە بکەم کە کاتێک منالّەکەم گەورەتر بوو، مەحکوومم بکات.
- دەمهەوێ کە کچەکەم خۆی لە سەر ئەندامەکانی لەشی خۆی بڕیار بدات.
- من ڕێز لە خوا (الله) ئەگرم کە لەشێکی کامڵ و تەواوی بە منالّەکە بەخشیوە.
- من دەمهەوێ نرخ و بایەخی باش لە ژیان پێشکەش بە کچەکەم بکەم تاکوو ئەو هەر چلۆنێک بێت، ببێتە مرۆڤێکی باش.
- دەمهەوێ کچەکەم دەگەڵ پیاوێک هاوسەرگیری بکات کە ڕێز لە هەمووی کچەکەم بگرێت، و نامهەوێ هیچ بەشێکی لێ جیا بکەمەوە.
- من وڵات و کولتووری خۆم خۆش دەوێ، بەڵام نەک ئەم ڕێوڕەسمە.
- خەتەنە کردن لە ٥٢ وڵاتی ئەفریقا قەدەغە کراوە.
- ٠٣ وڵاتی ئەفریقایی بە دژی خەتەنە کردن و ئەو ڕێووڕەسمانەی کە ئازار بە لەش دەگەیەنن، کۆمیتە و لێژنەی نەتەوییان پێکهێناوە.
- لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئێستا ئەم ڕێوڕەسمە هەر باوە، کار بۆ دژی خەتەنە کردن ئەنجام دەدرێت.

# بۆ یارمەتی وەرگرتن بۆ دژ کردەوەی هەموو فشارێک دەتوانی:

- له گەڵ کەسێک که ئەویش دژی خەتەنه کردنه قسان بکەی
- له گەڵ ئەو دۆستانەی که باوەڕت پێیان هەیه گفتگۆ بکه سەبارەت بەوە که چۆن دەتوانن یارمەتیدەری بنەماڵەت بن بۆ ئەوەی دژ کردەوە نیشان بدەن
- کاتێک کچەکانت سەردانی خزم و کەس دەکەن له وڵاتی خۆتان یان له هەر شوێنێکیتر پێشەکی تەدبیر بکەن، به تایبەت که بۆخۆت لەو شوێنه نی تاکوو بیانپارێزی







# منداڵەکەت مافی خۆیەتی خاوەنی لەشی خۆی بێت

تۆ دەبێ یارمەتی کچەکەت بدەی تا پارێزگاری لە هەموو لەشی بکات.

هیچ دینێک، نە کریستین نە ئیسلام، ئەم مافە بە دایکـوباوک نادات کە بەشێکی ساغ و سڵامەت لەش لە منداڵەکانتان جیا بکەنەوە.

هیچ دایکـوباوکێک حەز ناکات منداڵەکانی تووشی ئێشوئازار بکات.
کاتێک زانیاریی دروست و بەکەڵکت سەبارەت بە خەتەنە کردنی کچان وەدەست کەوت، ئینجا حەز دەکەی ماڵئاوایی لە ڕێوڕەسمە کۆنەکانی بکەی.

**هەموو دایک و باوکێک باشترینەکان بۆ منداڵەکانیان بە ئاوات دەخوازن**

# چۆن دژی فشار بینەوە

پچڕانی پێوەندی دەگەڵ کارێک کە فێربووین وەک پێویست چاوی لێبکەین، دەتوانێ زەحمەت بێ. ئەگەر کەسێک فشارت بۆ بێنێت کە دەبێ کچەکەت خەتەنە بکەی، لەوانەیە زەحمەت بێ دژی بوەستی.

قەت ئیجازە مەدە کە فشارت بۆ بهێنن کە کارێک دەگەڵ کچەکەت بکەی کە ئازاری پێ بگەیەنی. ناوەرۆکی ئەم پەڕتووکە ئەمانەیە:

- یارمەتی بۆ دژایەتی کردنی فشار بە مەبەستی خەتەنە کردنی کچەکەت
- ئەم بەڵگانە کە کاتێک کەسێک فشاری بۆ هێنای تا کچەکەت خەتەنە بکەی دەتوانی کەڵکیان لێوەرگری



لەشی مرۆڤ زۆر کامڵ درووستکراوە

ناوەندی زانیاری نەتەوەیی لە مەڕ توندوتیژی و
بیرەوەرییە ناخۆشەکانی ڕابردوو (NKVTS). ئەم پەڕتووکە
بە شێوەی ئەلەکترۆنیکی لە سەر ماڵپەڕی ئێمە
بەم ناو و نیشانە دەست دەکەوێ:
www.nkvts.no

٣مین چاپ، چاککراوی ٢٠١٩

بۆ داواکردنی شێوازی چاپی پەڕتووکەکە پێوەندی بکە:
postmottak@nkvts.no یان بە ژمارە
تەلیفوونە: ٢٢ ٩٥ ٥٥ ٠٠

سەبارەت بە پلانی کرداری حکومەت بە دژی
ئازار گەیاندنی لەش لە ساڵی ٢٠٠٨-٢٠١١، ناوەندی
NKVTS ئەرکی وەرگرت بۆ دامەزراندنی
ناوەندێکی شایستەگی توانایی نەتەوەیی بە دژی
ئازاری ئەندامانی لەش. ناوەندی NKVTS لێکۆڵینەوە
دەکات، زانیاری بڵاو ئەکاتەوە و بە کەسانی
پسپۆڕ کە لەم بەشەدا کار دەکەن زانیاری دەدات.

دیزاین/پێوەندێکان: کریستینە
وێنەگەری: Luth & co AS

بەرهەمهێنانی گرافیکی 07 Media – 07.no

MILJØMERKET TRYKKERI
07 MEDIA – 2041 0379

TRYKT I NORGE
NO-145

# ئایا کارێکی عاقڵانەیە
# خەتەنە کردنی کچان؟



NKVTS

Informasjon om kjønnslemlestelse til foresatte
Soranisk utgave